**بە نـاوی خـوای بەخشـندەو میهرەبـان**
**بە نـاوی گەلـــەوە**
**ئە نجـومەنی نیشتمانیی كوردســتان ـ عیـّراق**
**ژمارەی دەرهیـّنـــان : ٨**
**رۆژی دەرهیـّنـــان : ٢٠٠٢/٥/١٤**

پشت بە حوكمەكانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمواركراوی ساڵی (١٩٩٢)و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق و ئەو یاساكارییەش كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٥)ی رۆژی (٢٠٠٢/٥/١٣) یـدا ئـەنجامی داوە و ، بـە پێی ئەو دەسەڵاتەش كە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا :

**یاسـای ژمـــارە ( ٨ )ی ســاڵی ٢٠٠٢**
**یاسـای یەكـەم هەمـواركــردنی یاسـای ژمــارە ( ١٠ )ی سـاڵی ( ١٩٩٣ )ی**
**چاپـەمـەنییـەكـانی هـەرێمـی كـوردسـتـانی ـــ عیـّراق**

**ماددەی یەكـەم :**

**یەكـەم :** ماددەی شەشەمی یاساكە هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

١. هـەر چـاپكراوێكی خولاوخـول (الـدوری) دوای ئیجازەپێـدان و دەرچـوونی یەكـەم ژمارەی بە (قائم الوجود) لە قەڵەم دەدرێو ، ئەگەر خاوەن ئیمتیازەكەی ویستی وجودی نەهێڵێ ، ئەوە لەو بارەدا پێویستە لە سەری بە نووسین وەزارەتی لێ ئاگاداربكات و ، بە پێی یاسایش لەو رۆژەوەی كە داواكەی لە وەزارەت تۆماركراوە وجودی چاپەمەنیەكەی پووچەڵ كراوەتەوە .
٢. ئەگـەر چـاپكراوی خولاوخـول لـە مـاوەی سـێ مانگـدا ((كـە لـە رۆژی ئیجازەپێدانەكـەوەی دەست پـێ دەكـا) دەرنەچـوو ، ئـەوە لـەو بـارەدا (دوای ئینزاركردنی) ئیجازەكەی بە پووچەڵكراو لە قەڵەم دەدرێ.

ئـــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. حزبـه سياسـييەكان و كۆمەڵـەو ڕێكخـراوە جـەماوەرىو دەزگـا گـشتييەكان مـافی خۆيانـه خـاوەن ئيمتيـاز يـان سەرنووسـەری چـاپكراوی خولاوخـولی خۆيـان بگـۆڕن و پێويسته لەو بارەدا وەزارەتی لێ ئاگادار بكەن .

٤. خــاوەن ئيمتيــاز مــافی خۆيــەتی لــە كــاتی زەروورەدا سەرنووســەری چــاپكراوی خولاوخولی بگۆڕێو پێويسته وەزارەتی لێ ئاگادار بكات .

**ماددەی دووەم :**

ماددەی نۆيەمی ياساكە هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

١. بلاْوكردنــەوەی گاڵــدانی(التحــريض) جەريمــەو رەفتــاری تــيرۆرو رەواج پێــدان و فەراهــەمكردنی رێگــاو مومكينــاتی جەريمــەو تــيرۆرو ، شــەڕەجوێن و تانــەو تەشــەر (التـشهير)ی دژ بـە ئەشـخاص و سـووكايەتی بـە حورمـەتی ديـن و مـەزەب و ئـاداب و پێڕۆی گشتی ، قەدەغەيە .

٢. دەسەلاْت دەدرێ بە وەزيری رۆشنبيريی هەرێم كە ئينزار بدات بـە سەرنووسـەر يـان بە خاوەن ئيمتياز يان بە هـەردووكيان ئەگـەر سەرپێچی لـە حوكمـەكانی ئـەم ياسـايە بكــەن ، پێويستيــشە سەرنووســەر ، هــەر دوای وەرگرتنــی ئينزارەكــە لــە جێگايــەكی بەرچاوی يەكەم ژمارەدا بلاْوی بكاتەوە .

**ماددەی سێيەم :**

ماددەی (١١) يازدە لە ياساكە هەمواردەكرێ و وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

١. ئەو دەعوا گشتييانەی كە لـە سەرپێچی كردنـی حوكمـەكانی ئـەم ياسـايەوە پەيـدا دەبن ، ئيددیعای گـشتی دەيانكاتــەوە ، دوای ئــەوەی كــە لــە لايــەن وەزارەتــەوە لێــی ئاگادار دەكرێ ، بەلاْم ئەو دەعوايانەی تر كە لەوەوە پەيدا دەبن ، ئـەوە ، زەرەرمەنـد كێ بووبێ ، ئەو دەيكاتەوە .

٢. ئەو دەعوايانەی كە لە برگە (١)ی ئـەم ماددەيـەدا هـاتووە ، ئەگـەر لـە چـاپكراوەی خولاوخولدا شەش مانگ بەسەر بلاْوكردنەوەيدا تێپەڕيبێ ، يان لـە چـاپكراوەی غـەيری خولاوخولدا كە دەست بە دابەشكردنی كرابێ ، ئەوانە دادگاكان گوێی نادەنێ .

**ماددەی چـوارەم :**

ئـــەرشيفی رۆژنامەی وەقايعی كـــوردستان

برگەيـەك بـۆ مـاددەی دوازدەی ياسـاكە زيـاددەكرێ و دەبێتـە برگـەی سێيەمی وە وەك ئەمەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە :

www.mojkurdistan.com

ئەگەر هات و ، بە بڕیارێکی دادگایی ، بزاڤی حزبێکی سیاسی قەدەغـەکرا یـان بارەگاکـەی داخرا ، ئەوە لـەو بـارەدا حوکمـەکانی بڕیارەکـە هـەموو چـاپەمەنییە خولاوخـول و غـەیرە خولاوخولەکانیشی دەگرێتەوەو ئیجازەی دەرچوونیان پووچەڵ دەکرێتەوە .

**ماددەی پێنجـەم :**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار .

**ماددەی شەشـەم :**

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی بلاْوکردنـەوەی لـە (رۆژنامـەی وەقـایعی کوردسـتان)دا ، دەخرێتـە بەرکار.

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی ـ عێـراق**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com